

چرۆ ڕانیەیی

**هێندەی خۆم**

هێندەی دڵ بڕ و بێئارامم

لەدووری تۆ

عیشقت لەدڵما

هێدی هێدی چەکەرە دەکا

گوڵە وەنەوشەییەکەی باخی عیشقی من

هەرچەندە دووربی

هەست دەکەم، هێشتا لەتەکمای

لەڕۆحمای!

هەتا ڕۆژی ماڵئاواییم لەباخچەی ژیان

تۆ لەدیەم دایت.

نیگاکانت بوو

بۆ من زەریایەکن لەهەست

لەپاکی

لەوەفا و جوانی.

چرۆ ڕانیەیی